# هونەرمەمەند عەدنان کەریم لەنێوان ڕەسەنایەتی و داهێنان و هەڵکشانی بەردەوامدا

**بەشی یەکەم**

**دیمانە/ مەسعود پەرێشان**

**گۆرانیبێژی بەتواناو دەنگ ڕەسەن، هونەرمەند (عەدنان کەریم) یەکێکە لەو لاوە دەگمەنانەی، کە توانیویەتی بە دەنگە بەسۆزەکەی و ئەدایە سەر سوڕهێنەرەکەی و ئاوازە هێمنەکانی و هەڵبژاردنی تێکستە شیعرییە مەزنەکانیش، پانتاییەکی گەورە لە مەیدانی هونەری ئاوازو گۆرانی کوردیدا داگیر بکات تا ئەو ئاستەی بە هونەرمەندی دەستەبژێری بناسێن و لەگەڵ هەندێش لەنێو سەرجەم جەماوەری کوردستاندا توانیویەتی زۆرترین ژمارە بەلای دەنگی خۆی پەلکێش بکات، کە ئەمەش دەگمەنایەتی بە هونەرەکەی عەدنان کەریم دەبەخشێ و وا لە بەندە دەکات کە ئاواتی ئەوە بخوازێ دیمانەیەکی شایستەی لەگەڵدا ساز بکات و ئەوەی مەبەستیەتی لێی وەربگرێ.**

**دوێنێ ئێوارە کاکە نەژادی سەرنووسەرمان گوتی: عەدنان کەریم لە ئوتێلی خانزادە، پێم باشە بڕۆی دیمانەیەکی لەگەڵ بکەی، بێ سێ و دوو، دوای چەند تەلەفۆنێک ئەزو حەمەی کوڕم و جەمال گردەسۆری و کامیراکەی خۆمان گەی**

*** سەرەتا بەناوی ڕۆژنامەی خەبات لەگەڵ بەخێر هێنانەوە، ئومێدی ئەوەمان بۆ خواست ئەمڕۆ کە دەگەڕێتەوە بۆ سوید، بەسەلامەتی بگاتەوە جێ. ئەویش سوپاسی کردین و ئامادەباشی خۆشی بۆ دیمانەی ڕۆژنامەی خەبات ڕاگەیاند، کە لە هەر هەموو هاتنەوەکانیدا وەک خۆی گوتی: زیاتر خۆی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەشارێتەوەو حەز لە خۆ دەرخستن ناکات و زیاتر حەزی لەوەیە بەهۆی هونەرەکەی و ئاستە ڕاستەقینەکەی، خۆی بە جەماوەری هونەری گۆرانی کوردی بناسێنێ!**

*** دواتر لە بەرایی پرسیارەکانمدا گوتم: برا وابزانم ئەمجارەیان بەدزی هاتبوویەوە کوردستان و ئێمە لەدوا شەوی گەڕانەوەتدا بەوە ڕاگەیشتین کە ئەم دانیشتنەت لەگەڵدا ساز بکەین، وانییە؟**

– گوتی نە بەخوا وانییە، ڕاستە من هەشت نۆ دە ڕۆژێکە گەڕاومەتەوە کوردستان، هەمیشە لەنێو شارەکانی خۆمان و خەڵکی کوردستان بوویمەو هەموو خەڵکەکەش منیان بینیوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی حەزم کردووە، سەردانەکەی ئەمجارەم بۆ خۆم بێ، هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندنم لەو سەردانەم ئاگادار نەکردۆتەوە، بۆ ئەوەی بتوانم بە ویستی خۆم لە کوردستانی ئازیزمدا بسوورێمەوە و چێژی لێوەر بگرم و داهاتووی خۆمی لەسەر بونیات بنێمەوە!.

*** ئەم چەند ڕۆژەت لە کوێ بەسەر برد؟**

- من که دێمەوە کوردستان، پێویستم به خۆ تێرکردنه له سروشته جوانەکەی، بۆیه ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردووم له گونده جوانەکانی شارباژێرو ژاژڵەو ماوەت گوزەراند، که وای بۆ دەچم سروشته پاراوەکەی ئەم گوندانه زیاتر ڕۆحم پاراو دەکەن.

**لێرەوە ئینجا هاتینەوە سەر پرۆژە هونەرییه تازەکانی و مەبەستی ئەم سەردانەی بۆ شاری هەولێر، که له وەڵامدا گوتی:** بەڵێ هاتنم بۆ شاری هەولێر بریتییه لەوەی له چەند مانگی داهاتوودا سەر لەنوێ بگەڕێمەوە بۆ سازدانی کۆمەڵه کۆنسێرتێکی تێرو تەسەل لەنێو هەرسێ شاری ئازیزی کوردستان، که مەبەستم هەولێرو دهۆک و سلێمانییه، بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی کاکه فەلەکەدین کاکەییم کرد له وەزارەتی ڕۆشنبیری، چونکه ئەم وەزارەته به نیازه ئەم ئەرکەمان بۆ ئەنجام بدات، لەوێش کاک فەلەک زۆر به خۆشەویستی و ڕۆحێکی سادەوە ساکار پێشوازی له خۆم و پێشنیازەکه کردو ئامادەیی خۆیشی دەربڕی بۆ هەموو جۆره یارمەتی و کار ئاسانییەک بۆ سازدانی ئەم کۆنسێرتانه.

*** گوتم: دەکرێ لێرەوە وەکو موژدەیەک به خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمان و هەوادارانی دەنگی عەدنان ڕابگەیێنم، که کەی ئەم کۆنسێرتانه ساز دەدرێن؟**

- گوتی: من ناتوانم کاتەکه بەوردی دەستنیشان بکەم، چونکه ئەوه بەدەستی من نییه، لەبەر ئەوەی کۆنسێرتەکانم بریتین لەو گۆرانیانەی که لەدوا سیدیمدا بڵاوم کردوونەتەوە، که لەگەڵ تیپی مۆسیقای کامکاران تۆمارم کردوون و هەر ئەوانیش دەتوانن ئەم سات و کاته به تەواوی دەستنیشان بکەن، بەڵام من بەناوی ئەوانەوه هاتوومەته ئێره که ئەو پەیامه بگەیەنمه وەزارەتی ڕۆشنبیری و لەگەڵیان ڕێکبکەوم که به هاوکاری ئەوان کارەکه ئەنجام بدەین، دواتر کاتەکه دەگەڕێتەوە سەر کامکاران که هەر هەموو گرووپەکه چ کاتێک دەتوانن خۆیان بۆ ئەم کاره دەست بەتاڵ بکەن، هەر بۆیه ئەوان دەتوانن کاتەکه ڕابگەیێنن، که له هەموو حاڵەتێکدا چەند مانگێکی دیکەی دەوێ.

*** دوای بەرنامه هاتمه سەر چەند پرسیارێکی تایبەت به دەنگی ئەم هونەرمەندەو گوتم: من جۆره حوزنێکی تایبەتی له دەنگی تۆدا دەبینم و هەندێک جار ئەم حوزنه به سروشتی له دەنگەکاندا هەیەو هەندێ جاری دیکه هونەرمەندەکه دەتوانێ ئەم حوزنه قووڵتر کاتەوەو داهێنانی پێ تۆمار بکات، ئەمەی تۆ کامەیانه؟**

- گوتی: مەسەلەی حوزن بابەتێکه دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باکگراوندەی ژیانی ئەو مرۆڤەی که هەیبووەو تێیدا ژیاوە، چ خۆی، چ دەوروبەرەکەی و چ گەل و وڵاتەکەیشی و دەبێ بەو جۆرەش تەماشای قووڵایی حوزنەکان بکەین، که هەر لەسەرەتاوه تا ئەمڕۆش بەشێوەیەک له شێوەکان بەردەوامی هەیەو له هەمان کاتیشدا که باسی حوزن و خەم و ژان و ژوور دەکەین، دەبێ باسی ئەو هەموو کارەساتانەش بکەین، که بەسەر خۆمان و گەلەکەشماندا هاتووە، چونکه هونەرمەندی ڕاستەقینه ناتوانێ له خەمی گەلەکەی خۆی دابڕێ، بەڵکو ئەرکی سەرشانیەتی که له هونەرەکەشیدا بەشێوەیەکی مەزن ڕەنگ بداتەوە و لەو حاڵەتەشدا هەر هونەرمەندێک که لەبەرەی گەلەکەی خۆیدا بێت حەز دەکات ئەم حوزنه قووڵتر بکاتەوە.

*** بەڵام لێرەدا ڕامگرت و گوتم: لەدوا سیدیتاندا که لەگەڵ کۆمەڵەی هونەری کامکاراندا تۆمارت کردووە، هەست بەوه دەکەم لەو جۆره حوزنه دابڕاوی و جۆره فەرەحناییەک به دەنگ و ئەداو ئاوازەکانتەوە دیاره، وانییه؟**

-گوتی: بەڵێ، زۆر ڕاست دەکەی و جوانی بۆ چووی، هونەرمەندی ڕاستەقینه دەبێ

هەمیشە لەگەڵ واقیعی گەلەکەی خۆیدا بگوزەرێ و بە هەمان شێوەش بەرهەمەکانی خۆی دابڕێژێ، ئێستا چەند ساڵێکە ئێمەی کوردیش وەکو سەرجەم گەلانی دیکەی جیهان توانیومانە دوای راپەڕینە مەزنەکەی جەماوەری کوردستان و لایەنە سیاسییەکان جۆرێک لە ئازادی دەستەبەر بکەین لە هەموو لایەنە جیا جیاکانەوەو لە هەوڵی بەردەوامیشداین بۆ ئەوەی وڵاتەکەی خۆمان بەرەو ئازادی و ئازادبوونی تەواو بەرین، بۆیە دەنگ و ئەداو نەغمەی منیش گۆڕاوەو پێش هەر گوێگرێکیش خودی خۆم هەست بەوە دەکەم کە ئەو ئازادی و ئازادبوونە، بەجۆرێکی پۆزەتیڤ لە نەغمەی دەنگی مندا رەنگی داوەتەوەو لەو جۆرە حوزنانە دابڕاوم کە جاران بە عیشقەوە پیادەم دەکرد. هەر بۆیە هەست بەوە دەکەم خەریکە ئاهەنگی سەربەخۆیی بگێڕم. و زۆر بەڕوونی و بەڕاشکاویش، ئەو راستییە بدرکێنم کە لە دوا سیدیم لەگەڵ ئازیزانی کامکاراندا توانیومانە ئەم حوزنە رەشبکەینەوە و بەوپەڕی حەزو سۆزەوە بە فەرەحنایی ئەم بۆشاییەمان پڕ کردۆتەوە و بەو ئومێدەش دەژیم کە گەلەکەم لە فەرەحنایی و خۆشی و شادی و سەرکەوتنی بەردەوامدا بێت، تا ئێمەش بتوانین ئەم واقیعە فەرز بکەینە سەر هونەرەکەمان و دڵنیاشم لەوەی هونەرمەندی بەتوانا، لە فەرەحنایی زیاتر دەتوانێ داهێنەربێ!

*** لێرەدا هێنامەوە نێو مەسەلەی راگەیاندن و پرسیاری ئەوەم لێی کرد، کە بۆ زیاتر خۆی لە کەناڵەکانی راگەیاندن دەشارێتەوە و ئایا هیچ رووداوێک، یان گیروگرفتێکی ناجۆری بۆ دروست بووە، کە تۆزێک لە راگەیاندن بترسێ؟**

- لەوەڵامدا، بەرایی گوتی: زۆر!! دواتر گوتی: من کە ئێستا لەگەڵ بەڕێزتاندا دانیشتووم و ریکۆردەرێکت خستۆتە پێش دەمم و دەشزانم کێی و لە رۆژنامەی خەباتیشی، ئەوا زۆر بەڕاشکاوی وەڵامی هەموو پرسیارەکانت دەدەمەوە و دڵنیاشم لەوەی سبەینێ وەڵامەکانی من وەکو خۆی بڵاو دەکەیتەوە!! بەڵام رۆژنامەنووسی وا هەنە کە گفتوگۆ بێ دیمانە سازدان لەگەڵ ئێمەدا بڵاو دەکەنەوەو هەر بۆ نموونەش رۆژێک بەهجەت یەحیای هونەرمەند بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردم و گوتی: بۆ پەشیمانی لەوەی کەرکووکت بە جێ هێشتووەو چوویتەتە سلێمانی و ئێستاش لە هەندەرانی، گوتم: کێ وادەڵێ؟ گوتی: ئەو دیمانەیەی لەگەڵ فلانە سایتی ئەنتەرنێتدا سازت داوە!! سەرم سوڕماو گوتم، برا خودا شاهیدە ئەو سایتە دیمانەیان لەگەڵ مندا سازنەداوەو لە خۆڕا ئەو وەڵامەیان لە جیاتی من داوەتەوە، هەر لەو رۆژەوە پشتم لە راگەیاندن کرد، چونکە لەوە گەیشتم بە قەد قازانج دووچاری زیانی دوو بەرانبەریش دەبیتەوە!! بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە من لە رۆژنامەنووسی بە توانا دوور کەوتوومەتەوە، .بە دەلیلی ئەوەی ئێستا بەبێ ئەوەی پێشینە ئاگادارتان کردبمەوە، وام لە خزمەتتاندام چونکە لەوە دڵنیام دیمانەکەم وەکو خۆی دادەبەزێ.

*** لێرەدا بە پرسیارێکی دوور لەو مەسەلەیە رامگرت و گوتم: وابزانم قەت پرسیارێکی وا لە هونەرمەندان نەکراوە، کە بریتییە لەوەی، ئایا بە قەد ئەوەی دەنگی تۆ چێژو سۆز بە ئێمە دەبەخشێ، هیچ سۆزو چێژێک بە خودی خۆشت دەبەخشێ؟**

- لەوەڵامدا زۆر بە خێرایی، گوتی: حەتمەن، حەتمەن ئەوە گومانی تێدا نییە و پێش هەموو گوێگرێک خۆم حەز لە دەنگی خۆم دەکەم و دەنگەکەشم بەلاوە خۆشە تا ئەو ئاستەی حەز لەدەنگی خۆم بکەم و حەز لەو ئاوازانە بکەم کە خۆم ئەدایان دەکەم و هەستیش بەو حەزو سۆزە دەکەم، هەر بۆیە دەتوانم بڵێم لەم سیدیەی دواییمدا کە لەگەڵ

گرووپی کامکاران تۆمارمان کردووەو زووتریش باسمان کرد، چێژ لەوە وەردەگرم کە فەرەحنایی لە دەنگی خۆمدا بەدی دەکەم و توانیویشمە وەکو بەزاندنی قۆناغی حوزنەکە کە زۆر گەورەبوو، بریتی بوو لە ئەنفال و هەڵەبجەو سەرجەم جینۆسایدەکان، بێمە سەر قۆناغی ئاوەدانکردنەوەو ئازادی و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆبوون.